## فتوح سوادالعراق

ئەم کتێبە واهەیە یەک لە کۆنترین سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلام بێت و بێگومان کۆنترین سەرچاوەی مێژوویی بەشێکی کوردستانە لە سەرەتای هاتنی ئیسلام و هێرشی عەرەب بۆ سەر خاکەکەمان.
نووسەری کتێبەکە - محمد بن عمر واقدی، لە ساڵی ١٣٠ی کۆچی لە شاری مەدینە لە دایک بووە و یەک لە "محدثین" بوە و ئەم کتێبەی تایبەت بە "فتوحات"ی عەرەب لە وڵاتانی ناوچەکە کردوە کە کوردستانیش دەگرێتەوە. پێویستە بگوترێ کە هەواڵ و روایەتەکانی ناو کتێبەکە هی واقدین بەڵام گردوکۆ کردن و رێک خستنی هی کەسێکی نەناسراوە (١٣٧ لاپەڕە).
گەرچی کتێبەکە زۆر "مستند" واتە پشت ئەستوور بە بەڵگە نییە بەڵام باسی هێرشکاری و داگیرکردنی عەرەبی کردوە لە زۆر شوێن و لەوانەش کوردستان. کتێبەکە ناوێکی لە بۆکان نەهێناوە بەڵام لە چەندین شوێندا باسی سەقز و بەتایبەت سابلاغی تێداکراوە و لەوانە بەشی تایبەت بە " ذکر فتوحات آذربایجان"ە . لەوێدا باسی هاتنی خالید بن ولید دەکات بۆ ناوچەکە و کوشت و بڕی خەڵک و دەنووسێ: " دوای فەتح کردنی سابلاخ خاڵکی گوند و شارە دوور و نزیکەکانی دەور و بەری هاتن، بەشێکیان موسوڵمان بوون و هەندێکیشیان مەجبوور کران "جزیە" بدەن "(١٩٦)، کە دیارە ئەو خەڵکی گوند و شارانەی دەور و بەری مەهاباد، بۆکانیش دەگرێتەوە و ئەوە کۆنترین سەرچاوەیەکی دوای ئیسلامە باسی ناوچەکەی کردبێت.

فتوح سوادالعراق(نخستین تاریخ فتوحات اسلامی در کردستان) بە روایت محمد بن عمر واقدی، ترجمە و تحشیە استاد عبدالعزیز واعظی سردشتی ، مقدمە و تصحیح و تعلیقات نادر کریمیان، ناشر: م. واعظی، تهران ١٣٧٤ (١٩٩٥)، ٣٨١ لاپەڕە(فارسی).